

**دەریـا ڕەوانـدزی**

## بۆچی هەمیشە کورد ترسی تیرۆری لێ دەکرێت

هەر لەو ڕۆژەوەی توانیوومە بەراوورد لە نێوان دڕک و گوڵ و وەفاو بێ وەفا بکەم، چەندین جار ئەوەم گوێ لێبووە کە کورد دوژمنی زۆرە و هەموو دنیا دوژمنمانە!. تەنانەت ئەم دەربڕینە لە سەردەمی سەرکردەکانی کورد بووە بە (تەنیا شاخەکان دۆستی کوردن)
کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هیچ کارێکی تری گرنگی نییە، جگە لە دژایەتیکردنی کورد نەبێت؟، پێگە ئایا ئێمە یاخود وەک وولاتانی تر خەریکی بەرهەمهێنانی ناوکی ئەتۆمین؟ بۆچی هەمیشە کورد ترسی تیرۆری لێ دەکرێت یاخود دەستگایەکی مافیای کوردمان هەیە و کاری مافیائاسایی لە دنیادا ئەنجام دەدەن؟ یاخود هەبوونی هێزوتواناى تێکنۆلۆژیای کوردیی، بەرەوڕووی ئەم دژایەتیکردنەمان دەکاتەوە؟ لێ، خۆ ئێمەی کورد نە بووینەتە هۆی هۆلۆکۆس و هێرۆشێما و ناکازاکی و نە میلیۆنان مرۆڤیشمان بە کوشتداوە، وەک ئەڵمانیا هەموو جیهانی داگیر کرد ملیۆنەها خەڵکی کوشت ، وەک بەریتانیا؟! داگیرکردنی کەنەدا. نیوز لاند ، ئوستورالیا ، کوشتنی ئەرمەنی و نە خەڵکی ئەفریقا و لاتین ئەمەریکامان کۆیلە و داگیر کردووە و کوشتووە؟ نە نیشتمانی هیندییە سوورەکانی کەنەداو ئەمریکامان داگیر و خەڵکەکەیمان پاکتاو کردووە؟ نە فەرەنسا و شەهیدی یەک ملیۆن لە جەزائیر ، بە کورتی؛ ئایا ئێمە وەک ئینگلیزی و ئیسپانی، پۆرتۆگالی فەرەنسی و و ئەڵمانی، هۆلەندی و ڕوس، ئەوجا تورک و عارەب و فارس، خاکی کەسمان داگیر و دابەشکردووە؟! تاکو دنیا و سیاسەتی نێونەتەوەیی ببنە دوژمنمان؟!
باشە مرۆڤی کورد بێجگە لە داوای ژیانێکی سادە و ئازاد لە نیشتمانی خۆیدا، داوای شتێکی تری کردووە، هەتا هەمووان ببنە دوژمنمان؟

#Turkey wants to be in the coalition against #ISIS meanwhile Turkish hospitals are full of #ISIS members... pic.twitter.com/1vsIV9LrbV
.
#Turkey wants to be in the coalition against #ISIS meanwhile Turkish hospitals are full of #ISIS members......

وێنەی چەکدارە توند ڕەوەکانی داعش لە نەخۆشخانەی تورکیا

کەنەدا/ئەلبێرتا
دەریا ڕەواندزی